## پەیامی خەڵکی هەولێر

هەندێ دووکاندار لەوانەی پێداویستی ژنانە و ئارایش دەفرۆشن لە ترسی ئەوەی نەوەک نرخی کەل و پەل داببەزێ ، ئیتر بە ئارەزووی خۆیان نرخەکەی هەواز دەبەن ، جا ئەگەر هەرزانیش بکرێ هێشتا لەو نرخەی پێشوو زیاتریان بۆ دەمینێتەوە .

**پەیمان**

لەنزیک مزگەوتی حوسێنی گەڕەکی نەورۆزی شاری هەولێر ماوەی مانگێکە بە بیانۆی مەزرا دروست کردنەوە جادەکە هەڵکەندراوە، بەڵام نە مەزراکە دروست دەکرێ و نە جادەکەش چاک دەکرێتەوە .

**فەرمان محەمەد**

کرێی پاس لە شاری هەولێر بۆتە چوار سەد دینار ، ئەگەر چۆن کرێ بدەی ئەوە هەر سەد دنیاری ئاسنت پێدەدرێتەوە ، بەڵام سەد دینارە ئاسنەکە لە هیچ شوێنی دیکە وەرناگیرێ ، یان دەبێ کۆی بکەیتەوەو جارێکی دیکە بە خاوەن پاسەکانی بدەیتەوە یان دەبێ فرێی بدەیت .

**سەناریا عەلی**

نازانم ماڵپەڕە کوردیەکانی تۆڕی ئینتەرنێت چ دوژمنایەتی لە نێوانیاندا هەیە ، ئەوەی دەستی قەڵەم بگرێ و دوو وشە دژ بە ماڵپەڕێکی دیکە بنووسێت بێ سێ و دوو بۆی بڵاو دەکەنەوە ، من ئەمە بە خزمەتکردنی وشەی کوردی نازانم .

**ئاوات سوبحی**

# ئامانجە شاراوەکانی دیاردەی فرە ژنی

**شاناز**

لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا، دیاردەی فرە ژنی دیاردەیەکی بڵاو و بەرچاوە. بەتابەتی لەسەردەمی ڕابردوودا، ئەمە وەک چاولێکەریەک لەنێوان تیرەو هۆزەکاندا بەدی دەکرا. هەروەها لەکاتی دەسەڵاتی ئاغاو شێخەکاندا، بەشێوەیەکی ئاشکرا چەند ژنێکیان هەبوو زۆر جار بەزەبری دەسەڵات کچی هەژارەکانیان دەخواست ولە خۆیان مارەیان دەبڕی، ئەمە بە تەنیا بۆ ڕاپەڕاندی ئیش وکارەکانی ناو ماڵ و بۆ ئارەزووەکانی خۆیان نەبوو ، بەڵکو پێویستیان بە کوڕ هەبوو، ئەو فرە ژنیەش کوڕی زیاتری بۆ پەیدا دەکردن . لەوانەیە ئەوێ ڕۆژێ ژنان هیچ دەسەڵاتێکیان نەبووە وناچاربوون هەموو شتێ قبووڵ بکەن، بەڵام لەمرۆی کوردستاندا ئەو دیاردەیە زۆر کەم بووەتەوە، ئەگەر هەبێت لەدوو ژن زیاتر نیە. زۆر جاریش پیاوەکە ژنی دووەم بهێنێ ئەوا لە ژنی یەکەم دوور دەکەوێتەوە یان ژنەکە بۆخۆی وازی لێدەهێنێ و دانانیشێ یان لێی جیا دەبێتەوە، هەندێک کەم بوونەوەی ئەم دیاردەیە بەهۆی ڕۆشنبیری بوونی خەڵک و گرانی باری ئابووری و کەمی شوێنی نیشتەجێبوون لێکدەدەنەوە ، هەندێکی دیکە بە ڕۆشنبیری ژنان لە بواری زانیاری سێکسیدا لێکی دەدەنەوە ، جاران ژنان کەم هۆشیاربوون و مەیلی ئەوەیان نەبوو کە دەرهەوقی پێداویستیەکانی مێردەکانیان بێن ، بەڵام ئێستا ژنان بەخۆیان رادەگەن و دەتوانن کۆنترۆڵی پیاوەکنایان بکەن .

گەرچی پیاوان حەز دەکەن لەژنێ زیاتر بهێنن، بەڵام یاسا لەسەرو ئەمانەوە ئەو دیاردەیەی کەم کردۆتەوە. کاتێ پیاو دەیەوێت ژنی دووەم بهێنێ دەبێ بەرێگای یاسایی بێت و هەروەها دەبێ بەڕەزامەندی ژنی یەکەمی بێت ، ئەمەش مایەی خۆشحاڵی ژنانە کەمێردەکانیان نەتوانن لەژنێ زیاتر بهێنن . بە بەمەستی ئاگابوون لە ئاکامی ئەو دیاردەیە ، بە پێویستمان زانی رای چەند ژن و پیاوێک وەربگرین . سەرەتا پرسیارمان لە هەندێک ژن کرد ، ئەوانیش بەم شێوەیە وەڵامیان داینەوە :

سندوس کامەران گوتی :

ئێستا خەڵک زیاتر ڕۆشنبیرە، دیاردەی فرەژنی زۆر کەمبۆتەوە هەرگیز حەزناکەم مێردەکەم ژنی تر بهێنێ، چونکە ئەو هەست و سۆزەی هەیەتی بۆم کەم دەبێتەوە، دەبێتە مایەی ئاژاوەی ماڵ و کێشەکان زۆر دەبن

بێگەرد رەحیم گوتی : بەردەوام سۆزو خۆشەویستی و ڕێز بۆ مێردەکەم دەر دەبڕم زۆرجار ماڵ و منداڵەکانم فەرامۆش دەکەم، بۆ خاتری مێردەکەم. وای لێهاتووە هەرگیز بیر لەژنی تر نەکاتەوە کاتێ پیاو بەنیازی ژنی دیکەیە بیهێنێ، ناتەواوی لەژنی یەکەمدا بەدی دەکات، ئەو ژنە بەئارەزووی مێردەکەی ناکات بۆیە ناچار ژنی دیکە بهێنێت.

رازاو فەهمی کە ئەندازیارە گوتی : ژن بەدەستی خۆیەتی ئەگەر مێردەکەی ژنی بەسەر بهێنێ، ئەگەر ژن بەدڵی مێردەکەی هەڵسوکەوت بکات، یاخود ئارەزووەکانی لەگەڵ ئارەزووی مێردەکەیدا بێت هەرگیز پیاو لێی بێزار نابێت و ژنی بەسەر ناهێنێ. زۆرینەی تاوانەکان ئەکەوێتە ئەستۆی ژنەوە من وەک خۆم هەرگیز حەزناکەم سەر بەهەوێ شووبکەم و ژنیشم بەسەر بێت.



نەرمین عوسمان ژنی ماڵەوە، گوتی : پیاو بێ سفەتە هەرکاتێ بۆی هەڵکەوت ژن دێنێ، زۆرجاریش بڕوبیانو بەژنەکەی دەگرێ، تا ناچاری بکات ژن بهێنێت. هەرگیز حەزناکەم مێردەکەم هاوبەشێکی ژیان و ماڵ و مێردم بۆ پەیدا بکات لەڕێی یاساشەوە قبووڵی ناکەم.

ئێمە بە پێویستمان زانی رای هەندێکی پیاویش سەربارەت بەو دیاردەیە وەربگرین ، ئەوانیش وەڵامەکانیان بەم شێوەیە بوو :

سالار عەلی گوتی: من وەک ئارەزوویەکی خۆم حەزم لەفرە ژنییە و زیاتریش بەهۆی ئەوەی حەزم لەمناڵی زۆرە ، ئەگەر یاسا ڕێم پێبدات و ئیمکانیەتم هەبێت لەژنێ زیاتر دێنم.

رەئوف کەریم : حەزم لەفرە ژنی نییە، یەک ژنم بەلاوە باشە کە بەتەواوی پێداویستی و ئارەزووکانی بۆ دابین بکەم حەقی هاوسەرێتی بە ئاسودەی پێبدەم، سۆزو خۆشەویستی بۆ دەربڕبڕم ، من پێموایە کاتێ بوونە دووژن ناتوانرێت ئەو ئەرکە بەتەواوی جێ بەجێ بکرێت. گاڵتەشم بەو پیاوانە دێت کە چەند ژنێکیان هەیە .

محەمەد وەهاب : دووژنم هێناوە لەڕووی مادییەوە باشم و ناتەواویمان نییە. بەڵام هۆی ژن هێنانی دووەمم، کەمتەرخەمی ژنە گەورەکەم بوو وەک پێویست ژنایەتی و هاوسەرێتی خۆی نەدەنواند زۆر بەپێچەوانەی منەوە بوو، بەڵام ئێستا هەست کە ژنم بەسەر هێناوە هەست بە خۆی دەکات ، وا خەریکە باش دەبێت ، بەڵام تازە بەچی دەچێت ؟!

بۆ زانینی فرە ژنی لەئیسلامدا، بەرنامەی ئیسلام چۆن ڕێگە بەفرە ژنی دەدات پرسیارمان لەبەرێز مامۆستا مەلا (عادل عبدالرحمان) کرد، بەرێزیشی بەم جۆرە وەڵامی داینەوە:

لەشەریعەتی ئیسلامدا فرە ژنی هەیە، کاتێ پێغەمبەر (د.خ) چەندین ژنی هێناوە ئەو فرە ژنیەی ئەو چەند مەبەستێکی هەبووە وەک سیاسی و ئاینی ئەو سەردەمە ، ئەگینا وەک ئارەزوو نەبووە . ئیسلام لە کاتێکدا ڕێی بەپیاو داوە لە ژنێ زیاتر بهێنێ کە ژنەکەی نەخۆش بێت یان پەککەوتە بێت یان منالی نەبێت، یان لەڕووی سێکسەوە توانای نەمابێت یاخود ئافرەتێکی دیندار بێت و لەبەر خاتری دینەکەی ، ئەو کاتە پیاو دەتوانێ لەژنێک زیاتر بهێنێ بەڵام وەک یاریکردن بەژن هێنان و خۆدەرخستن ناودەرکردن، یاخود پۆزلێدان بەدەوڵەمەندیەوە هەرگیز ئیسلام ڕێگە نادات بەو جۆرە فرە ژنیە. بەهیوای ئەوەی ئەو پیاوانە بەناهەق سەر لە ژن و منداڵەکانیان نەشێوێنن.

لەکۆتاییدا دەڵێین: کاتێ پیاو ژن دێنێ ، بیری لەوە نەکردۆتەوە کەژنێکی دیکە بهێنێ بەڵام دواتر بەهۆی نەگونجاندن و سەرهەڵدانی کێشەکانی ژیانەوە جا منداڵ نەبوون و نەخۆشی بێ یان دەوڵەمەندبوون و لە خۆ بایی بوون بێ، ئیتر بیر لەوە دەکاتەوە کەژنی دیکە بهێنێ، بەڵام هەندێ پیاو بەهۆی ئیمکانیەتی ماددیان لە خۆیان دەگۆڕێن و بە دوای گۆڕینی ژنان دەکەنەوەو ئارەزوویان لە فرە ژنی دەگیرسێتەوە. بەداخەوە هەندێک لە پیاوان لە خۆڕاوە پەڵپ و بیانۆوی جۆراوجۆر لە ژنەکانیان دەگرن ، لە هیچ و خۆڕایی بەد ناویان دەکەن ، یان سیمایان ناشیرین دەکەن ، بەو هۆیەوە هاوبەشێکی تر بۆ ژنەکەیان پەیدا بکەن ، ئیتر ژیان لە لە خۆیان و لە ژنەکانیان و لە منداڵەکانی تێکدەدات ، بەڵام بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کە ژنێک لەبەر نەخۆشی یان لەبەر ناتوانایی پیاوەکەی لە من دروستکردندا واز لە پیاوەکەی خۆی بهێنێ و جا ببێتەوەو بچێ شووێکی دیکە بکاتەوە . هەندێک ئەم دیاردەیە بۆ دڵسۆزی و ڕاستگۆیی و پاکی ژن دەگێڕنەوە ، هەندێکی دیکە بۆ بێ توانایی و شەرمە و کۆت و بەندەکانی کۆمەڵگەی دەگێڕنەوە .

ڕاستیەکی ئەگەر ژن لە بواری ئابووریدا سەربەخۆ بێ و چاوی لەدەستی پیاو نەبێ ، ئەگەر دابونەریتە بەسەرچووەکانی کۆمەڵگە هەڵوەشێندرێنەوە ، ئەگەر ژن و پیاو بە پێوادانگی یەکسانی و هاوتایی لە نرخ و بەهاکاندا لەیەکتر بڕوانن هەرگیز بەرەو فرەژنی و ناپاکی هەنگاو هەڵناگیرێتەوە ، چونکە ئەگەر ژنەکە بزانێ کە شووەکەی ناپاکی لەگەڵدا دەکات و وەکو پێویست سۆزو خۆشەویستی پێنادات و وەکو کاڵا سەیری دەکرێ ، ئەوە یەکسەر جیا دەبێتەوەو ڕێگەیەکی تر هەڵدەبژێرێ.

# دەڵێن جەمشید بە سەبەتەیەک دۆلار دەگەڕێتەوە!




نەشمیل بۆکانی

جەمشید ئەو گۆرانیبێژەی کە بە فارسی و کوردی گۆرانیەکانی دەچڕێ ، شێوازێکی بەدەر لە کولتوری ڕۆژهەڵاتی لە کلیپ و سازکردنی کۆنسێرتەکانیدا پەیڕەو دەکات ، بەو هۆیەوە لەنێو توێژی هەرزەکاراندا لایەنگری زۆی لێدەکرێ .

لەسەر بانگێشتی حکومەتی هەرێم ئەم گۆرانیبێژە هاتە کوردستان و لە شارەکاندا ئاهەنگی جۆراوجۆری سازکرد. ئەو ماوەیەی جەمشید لە باشووری کوردستان بوو ، هەندێک کەس گلەیی و گازاندەی ئەوەیان لێدەکرد کە بایەخ بە هەستی خەڵک نادات و تەنیا مەبەستی تێپەڕکردنی ئاهەنگەکانی خۆیەتی . هەندێکی دیکە پێیانوابوو کە بەشێک لە دەستڕۆیشتووانی هەرێمی کوردستان لەنێو باوەشی ئاوازو هونەری فارسیدا گەورەبوونە ، بۆیە حەز بە کەسانی وەکو جەمشید دەکەن و دەیانەوێ شەوانی پەمەیی بە ئاهەنگەکانی ئەو بەرێ بکەن ، هەندێکی دیکە بە باوەشی گەرمەوە پێشوازیان لە هاتنی دەکرد و بە گۆڕانکاری لە هەستی هونەریان دادەنا. هەرچۆنێ بوو جەمشیدیش خۆی لە باشووری کوردستان و لە نێو باوەشی دەستەڵاتدا تاقی کردەوەو ئەسپی خۆی تاو دا.

دوای تەواوبوونی ئاهەنگەکانی جەمشید، دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە دەستەڵاتدارانی کوردستان ٢٥ دەفتەر دۆلاریان بە جەمشیدو هاوکارەکانی داوە! واتە دوو سەدو پەنجا هەزار دۆلار ! ئەم ژمارەیە زۆر لە خەیاڵەوە نزیکە، بەڵام زۆر لەگەڵ ڕەفتارەکانی دەستەڵاتداراندا دەگونجێ ، ئەوان بە سەدان هەزار دۆلار بۆ باخ و ڤێلاو باڵاخانەکانیان تەرخان دەکەن و ئامادەن بە ملیۆنان دۆلار بۆ کڕینی سەیارەو دابینکردنی شوێنی حەوانەوە بۆ ئەندامانی خۆیان سەرف بکەن ، هەڵبەت ئامادەشن بۆ گوێگرتن لە ئاهەنگەکانی جەمشیدو سەیرکردنی کچە سەماکارە هاوکارەکانی ئەو پارەیە تەخشان و پەخشان بکەن .

دوای هەموو ئەوانەشەو مۆزیکژەنێکی کورد لەدادگە سکاڵای لە دژی جەمشید تۆمارکرد و لە ڕێگەی ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتەوە گلەیی لە جەمشید کرد کە لەو هاوکاری و دیاریانەی کە وەری گرتووە بەشی ئەوی نەداوە ، لەکاتێکدا ئەو تەنیا کوردێکی ئەندامی ئەو تیپە مۆزیکە بووە کە هاوکاری جەمشیدیان دەکرد.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە هەم گلەیی لە دەستەڵاتدارانی کوردستان بکەین کە بە سەبەتە دۆلار بۆ هونەرمەندانی هەندەران هەڵدەڕێژن ، کەچی ئاوڕ لە هونەرمەندانی نێوەخۆی کوردستان نادەنەوە . هەروەها دەبێ گلەیی لە جەمشید و هاوکارەکانیشی بکەین کە کۆکردنەوەی پارە دەکەن بە یەکەمین پەیامی هونەری خۆیان ، هەروەها دەبێ گلەیی لەو هونەرمەندە کوردەش بکەین کە ساویلکانە هاوکاری لەگەڵ جەمشیدا کردووە !

## وێنە ئەدوێ



کێ بەرپرسیارە لە پاک ڕاگرتنی شەقامەکان شارەوانی، یان هاوڵاتیان؟

فۆتۆ: ئارام سدیق